شانۆگەریی ژمارە

ئامادەکردنی
عومەری عەلی ئەمین

# ئاهەنگی مامۆستای مەزن

**بەشی یەکەم**

جێگا – ناو هۆڵێکە . میوانەکان دانیشتوون . پەردەی شانۆ داخراوە . (رێبوار پێش دەستپێکردنی شانۆگەریەکە بە ماوەیەك لە دەرگای گشتیەوە بە ماندوێتی بە گۆچانێکەوە دێتە ناو هۆڵەکەوە بەناو میوانەکانو ڕارەوەکاندا دەست دەکات بە گەڕان هەتا دەگاتە نزیك پێش شانۆکە لە بەشی راستیەوە) .

پێشوازیکەری یەکەم لەوسەری هۆڵەکەوە بانگ دەکات – ئەرێ برا . . !

کاکە . . ! جەناب . . !

رێبوار دووای سێیەم بانگ ئاوڕ دەداتەوە ، بە دەنگی بەرز وەڵام دەداتەوە – بەڵێ .

پێشوازیکەری یەکەم بەدەم هاتنەوە بۆ لای – قوربان ئەوە ماوەیەکە ئەبینم جەنابتان ئەسووڕێنەوە ، دەفەرمون ئەوە جێگەیە لاتانەوە تەشریفتان دانیشن .

رێبوار – سوپاستان ئەکەم جەناب ، بۆ دانیشتن نەهاتووم .

پێشوازیکەری یەکەم – ئەی خێرە ئەوە . بۆچی ئەگەڕێن تا یاریدەیەکتان بدەین

رێبوار – سوپاس . چی بێ لە ئێوە نەهێنێ جەناب . من . . . من . . . . (نایەوێت تەواوی بکات)

پێشوازیکەری یەکەم دەگاتە لایو بۆی تەواو دەکات . . دە فەرمون ئاخۆ جەنابتان .

رێبوار پێی دەبڕێت – یان ببورە پێویست ناکات بزانن من چ کارەم یان چ کارەنیم .

پێشوازیکەری یەکەم – چی تیا بەستەیە جەناب . پێـخۆشحاڵین .

رێبوار – ببورە حازناکەم . ئەڵێم نەوەکا بە جۆرێك خۆم بناسێنمو کەچی بەو جۆرەش نەبم . مەبەستم ئەوەیە ئەگەر بڵێم پزیشکم نەوەکا خرووی لەبی دەستی خۆشم پێ چارە نەکرێت . یان ئەگەر بڵێم بازرگانم نەوەکا لەگەڵ دڵو دەروونی خۆشمدا کڕینو فرۆشتنم پێ نەکرێت ، یان ئەگەر بڵێم . . .

پێشوازیکەری دووەم / دێت – جەناب ببورە ، ئێمە شانۆگەریمان بەدەستەوەیەو کاتی وامان نیە فەرمون تەشریفتان دانیشن . . . .

پێشوازیکەری یەکەم / ووتەکە بە دووەم دەبڕێت – بە یاریدەی خۆت . ( ئەنجا بە رێبوار) ئەرێ قوربان پێمان خۆش بوو بمانزانیایە لەگەڵ کێ . . . (نایەوێت تەواوی کات) .

رێبوار – پێی دەبڕێت – نە قوربان نەء هیچ پێویست ناکات ناوی خۆشمتان پێ بڵێم .

پێشوازیکەری یەکەم – پێخۆشحاڵ ئەبین. خۆ جەناب خوانەخواستە . . . (نایەوێت تەواوی بکات)

رێبوار – نەخێر ، نەخێر کەس بە دووامدا ناگەڕێت . ببورە لەبەر ئەوە ئەڵێم ، ئەڵێم نەوەکا ناوەکەم لەگەڵ کردارەکانما نەگونجێت .

پێشوازیکەری یەکەم – نەگونجێت ؟

رێبوار – بەڵێ . بۆچی بڵێم ناوم دلێرەو کەچی ترسنۆكو بوودەڵەش بم ! یان بۆچی بڵێم ناوم چالاکەو کەچی تەمەڵو تەوەزەل بم ، یان بڵێم ناوم ئازادە یان ئەوەیەو یان ئەوەیەو ، کەچی ناوەکەشم پڕ بە پێستی خۆم نەبێت !

(بەڕێوەبەری شانۆ لەوپەڕی هۆڵەکەوە بە دەنگی بەرز بانگ دەکات)

بەڕێوەبەری شانۆ – برایانی پێشوازیکەران ! . . ئەو زاتە هەرچیەك هەیە ، گەدایە پاشایە بەخێربێت سەرچاومان بێت ، بەلام تکایە با بەڕێزیان لە جێگەیەکدا دانیشن ، وا کاتی شانۆگەریەکەمان هات .

ڕێبوار/ بە دەنگی بەرز – جەناب من نەپاشامو نە گەدام منیش وەك ئەم خەلکە بەڕێزانە مرۆڤێکی ئاسایمو هیچی کە (ئەنجا بە پێشوازیکەری یەکەم) بەلام ئەوەی کە جەنابتان پێویستە بیزانن من هەمووی پێری لە ولاتی چین گەڕاومەتەوە بۆ نیشتمانەکەی خۆم .

پێشوازیکەری دووەم / پێی دەبڕێت – ئاخر جەناب بیورە نەکات کاتی ئەمەیەو نەجێگەی ئەمەیە ، گوێت لێ نەبوو بەڕێوەبەری شانۆ چی فەرمو ؟

پێشوازیکەری یەکەم – بەدووەم – تۆ بەیاریدەی خۆت بابزانین (ئەنجا بەڕێبوار) قوربان جەنابت خێربوو چوویت بۆ ولاتی چین؟ بەلام تکایە بە پەلە .

ڕێبوار – دەسا بۆ هەرچیەك چووبێتم ، بۆ فرمانێك چووبم ، بۆ گەشتوگەران چووبم ئەمەشیان هەر پێویست بە زانین ناکات چونکە پێوەندی بە چیرۆکە کەمانەوە نیە .

پێشوازیکەری دووەم – چیرۆك ! چیرۆکی چی ؟

ڕێبوار / بە زەردەخەنەوە – چۆن چیرۆکی چی . من بۆ ئەوە هاتووم بۆ ئێرە کە بەسەرهاتی خۆم بە شانۆگەریەك پێشکەش بکەم . (لەم کاتەدا بەڕێوەبەری شانۆ گەیشتوەو گوێی لەمەبوو . ڕێبوار ئەنجا ڕوودەکاتە بەڕێوەبەرو دەلێت) جا هاتووم تکای ئەوەتان لێدەکەم کە ئەم هەلەم پێ ببەخشن .

بەڕێوەبەری شانۆ دووای سەیرکردنی هاوڕێکانی – داوایەکی زۆر سەیرە !

ڕێبوار – بەو ڕادەیەش سەیرنیە کە جەنابت تێی دەڕوانی .

بەڕێوەبەری شانۆ – جەنابت هونەرمەندیت ؟

ڕێبوار – ئەگەر هونەرمەند بوومایە ڕووم لێنەدەنان ، چونکە ئەمزانی چەندە ئەرکتان بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەریەکەی خۆتان کێشاوە .

بەڕێوەبەری شانۆ – ئەی بە ڕای ئێوە ، ئێمە ئێستا چی لە شانۆگەریەکەی خۆمان بکەین .

ڕێبوار – قوربان من تەنیا هەر ئەمشەوم ئەوێت ، ئێوە شەوانی ترتان بە دەستەوەیە تیا بەردەوام بن .

بەڕێوەبەری شانۆ / دووای بیرکردنەوە – داواکە لە کێشدا نیە !

ڕێبوار – قوربان من لەوساوە هاتوومە هۆلەکەوە دەستم کردووە بە شانۆگەریەکەمو دەور ئەبینم . بەڕێزتان هونەرمەندنو ئێستاش تۆ بەڕێوەبەری شانۆیت جەنابت هەرگیز ڕەوا نابینیت لە ژیانی هونەریتا شانۆگەریەك لەکاتی ئیشدا بپچڕێنیت .

بەڕێوەبەری شانۆ دووای تێڕامانو بێدەنگی – لە هەموو کاروبارێکدا هەر جەماوەر خاوەن بڕیارە (ڕووی کردۆتە جەماوەر) بزانین میوانە ئازیزەکان چی ئەفەرمون .

یەکێك لەناو جەماوەرەوە دەست بەرز دەکاتەوە – . . .

بەڕێوەبەری شانۆ – فەرمو .

یەکەکە – هەلدەستێت – وەك ئاشکرایە ولاتی چینو ماچین بە ولاتی شتی عەجایەبو سەرسوورهێنەر بە ناوبانگە . مادام ئەو بەڕێزەش لەوێ هاتۆتەوە لەوانەیە شتی سەیر سەیری دیبێت . جا ئەگەر ئێوە بوڕێزیش بۆ ئەم شەو بوارتان بدایە بەسەرهاتەکەی خۆی پێشکەش بکردایە ، لە لایەن میوانەکانەوە مایەی سوپاس بوو . بە تایبەتی ئێوە شەوانی داهاتوو لە شانۆگەریەکەی خۆتانا بەردەوامن .

بەڕێوەبەری شانو – ڕوودەکاتە ڕێبوار – لەسەر پێخۆشحالی جەماوەر فەرمون جەناب .

ڕێبوار – سوپاس بۆ هەمووان : بۆ جەماوەر ، بۆ بەڕێوەبەری شانۆ ، بۆ هونەرمەندان ، بۆ هونەردۆستان .

(چەپڵە لەلایەن جەماوەرەوە

لە کاتی چەپڵەدا بەڕێوەبەری شانۆو پێشوازیکەران ئەو ناوە چۆڵ دەکەن بۆ ڕێبوار .)

ڕێبوار – بەڕێزان ! من چەند ساڵێکە لە وڵاتی چینبووم .

وەك لەوەپێش عەرزم کردن پێریٚ هاتوومەتەوە بۆ نیشتمان . پێریٚ کە گەیشتمەوە شارەکەی خۆمانو چوومەوە بۆ ماڵی باوکم ، تەماشامکرد لەوێ نەمابوون گواستبوویانەوە بۆ جێگەیەك کەس نەیئەزانی . لەبەر ئەوە دوێنێ هاتم بۆ دێی ڕێحانەرەشە لەم نزیکانە بۆ ماڵی مامم ، کەچی سەیر ئەوەبوو ماڵی مامیشم لە ماڵ نەبوون چووبوون بۆ شار بۆ گەشتو گەڕان . بەڵام وەك لە دراوسێکانم بیست وتیان کلیلەکانیان لای ئێمە داناوەو سبەی دووسبەی دێنەوە . جا لەبەر ئەوەی دراوسێکان ناسیمیانەوە کلیلەکانم لێوەرگرتن بە نیازی مانەوەو چاوەڕوانکردنیان هەتا یەنەوە . . ئیتر ئەم شەو لەوێ هەتا بەیانی درەنگی تێر نووستمو ئیسراحەتمکرد .

یەکەکەی ناو جەماوەر – ئەنجا باشە جەناب ئێستا چی لە ماڵی مامتەوە تۆی گەیاندۆتە ئێرە ؟

ڕێبوار – بەڵێ . بەڵێ پرسیاریشم لێدەکەن ئێستاش چی منی گەیاندۆتە ئێرە ؟ . . . ئەوی ڕاستیبێت ڕێگەم ونکردووە ئیتر بۆچی لێتان بشارمەوە وەکو ئەو کەسانەی کە ڕێگەی ژیانیان ونکردوەو لەگەڵ ئەوەشدا دان بە ونبوونی خۆیاندا نانێن !

بەڵێ ڕێگەم ونکردوەو ئێستاش وێڵبووم . . ئەمڕۆ بەیانی لە ماڵی مامم کە درەنگی لەخەو هەڵسامو نانم خوارد ، بڕیارمدا کە ئەمڕۆ بە گەشتو گەڕانی ئەم دێهاتە جوانە نزیکانە کات بەرمە سەر . بەڵێ هاتم بۆ ئەم ناوچەیە . بەڵام نزیك ئێوارە لەکاتی گەڕانەوەما بە ڕێگەیەکیکەدا کە ڕێم کەوتە ناو هەردە پڕێنچو پەناکانەوە ، تەمو مژێکی خەست دای بەسەر ناوچەکەدا ، تاریکی شەویش هات بەسەرا ئیتر هەرچەندم کردو کۆشا نەچوومەوە سەر ڕێگاکە . لەبەر ئەوە وەك ئەمبینن

وائێستا بەم شەوە تاریکەو بەم زستانە ساردە وا لەم چۆڵەوانیەدا ، داماوم ، هەرچی ئاوەدانیبێت لەدووریشەوە هەستی پێناکەم . . ئەنجا ئازیزەکانم خوانەخواستە بۆچی سەرتان بیەشێنم . . ئەڵێم بچووکتان ئێستا بۆچی پەلە بکەم لە گێڕانەوەی شتە عەجایەبە سەرسوڕهێنەرەکانی وڵاتی چین ؟ ئەگەر بتانبەخشایە جارێ با ئەوە دوواخەین ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم کێ ئەڵێت ئێستا لێرەدا بە چاوی خۆم شتی وا سەیرو عەجایەب نابینم کە زۆر عەجایەبترو سەرسوڕهێنەرتربێت لەوانەی وڵاتی چین ؟ کێ ئەڵێت ؟ ئازیزەکانم ! ئێستاش نازانم بەرەو کوێ بڕۆم . ئەترسم ڕووبکەمە هەر کوێیەك دوورتر بکەومەوە . (سەیری ئەملاولای خۆی دەکاتو ئەنجا بە دەنگی بەرز هاوار دەکات) هۆ . . . هۆ . . . هۆ . . . ئەی هاوار ئەی هاوار لێم قەوماوە ! لێم قەوماوە فریامکەون ! . . خەڵکینە فریامکەون ! ڕێبوارێك ! جوتیارێك ! شوانێك شوانێك ! فریامکەون ڕێمونکردووە فریامکەون !

(دووای ئەوەی کە وەڵام نابیستێ)

بەڕێزان ببورن ! وابزانم هەرکەسێك ڕێگەی ونکرد ، پێویستی بە یارمەتی هەیە ، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە ژیاندا وێڵن .

(دەڕوات هەتا بە ماندوێتی دەگاتە جێگەیەکیتر لە هۆڵەکەدا . ئەنجا هەست بە دەنگی شتێك دەکات لە دووایەوە . ڕادەوەستێت ، ئاوڕدەداتەوەو گوێ ڕادەگرێتو سەرەنج دەدات .

جوتیارێك لە تاریکیەوە لە دوورەوە دەنگیپێ دێت ، کە بەگۆچانێکەوە بەرەبەرە دەردەکەوێت ، دێتە پێشەوە کە دەگاتە لای ڕێبوار سڵاوی لێدەکات)

جوتیار – شەوباش .

ڕێبوار – شەوباش ! . . . . ئەرێ جەناب !

جوتیار – ڕادەوەستێت – فەرمو .

ڕێبوار – ببورە من ڕێگەم لێونبووە . . . ئەگەر ئەرك نەبوایە

بەڵکو ئاوەدانیەکی نزیکت نیشانبدامایە.

جوتیار – لەبەر خۆیەوە.. ئاوەدانی.. ئاوەدانی... (ئەنجا بە ڕێبوار) وادیارە نەشارەزای ئەم ناوەیت.

ڕێبوار – بەڵێ.

جوتیار – فەرمون وەرن لە گەڵم.

ڕێبوار – زۆر سوپاس.

(دەست دەکەن بە ڕۆیشتن. ئەنجا هۆڵەکە تاریك دەبێت. بەلاّم کە ڕووناك دەبێتەوە دەگەنە بەردەم ئاستی ناوەڕاستی شانۆکە، بەلاّم لە نزیکیەوەنا ئەنجا رادەوەستن.

لەمکاتەدا ڕووناکیەك لە جێگەیەکی پەردەکەوە لە دیوی ناوەوەی شانۆکەوە دیارە.

لە کاتی وتوێژدا ڕێبوار ناوبەناو سەیرێکی ئەو ڕووناکیە دەکات)

جوتیار – قوربان من هەتائێرە زیاتر ناتوانم لەگەڵتان بێم، جا باش گوێم لیٚبگرن.

ڕێبوار – فەرمون.

جوتیار – بەم ڕێگەیەدا ڕاست بڕۆ هەتا ماوەی پێنج دەقیقە، دووای ئەوە ئەگەیتە سیٚڕیانێك، ڕاست مەڕۆ، دەستی ڕاستیش مەگرە، تۆ دەستی چەپ بگرە. کە دێی دەستە چەپتگرت دووای سەعاتێك ئەگەیتە دوو درەختی سنەوبەر لە قەراغ ڕێگاکە، لەوێشا دووریانێك هەیە، تۆ ڕێی دەستەچەپ مەگرە، ڕێی دەستە ڕاست بگرە، کە ڕێی دەستە ڕاستتگرت، ئەڕۆی ئەڕۆی هەتا ماوەی سیو پێنج دەقیقە هەتا ئەگەیتە ناو چەمێك، لەوێشا دیسانەوە ئەگەیتەوە بە دووریانێکیتر. بەلاّم تۆ بەلای چەپا مەڕۆ بەڕێگەکەی لای دەستە ڕاستا بڕۆ کە بەڕێگەکەی لای دەستە ڕاستا ڕۆیشتیت دووای چل دەقیقە ئەگەیتە دیٚیەك، ئەوە ئاوەدانیە.

ڕێبوار بە ڕاڕاییەکەوە – وەکو جەنابت ئەڵێیت ئەمە ماوەی سیٚ سەعاتێك ئەخایێنێت.

جوتیار – بەڵێ. بەشەو لەوانەیە سیٚ سەعات بخایێنیت.

ڕێبوار – سوپاست ئەکەم... بەلاّم خۆ ئەو تروسکاییەی کە دیارە لێانەوە (ئیشارەتی ڕووناکیەکە دەکات) خۆ ئەوە ئاوەدانیە!

جوتیار – دووای سڵەمینەوەیەك – بەڵێ ئەوە ئاوەدانیە، بەلاّم ئایا قابیلە جەنابت بەم نەشارەزاییەوە بزانیت ئەوە ماڵەو من نەزانم؟

ڕێبوار –... ببورە ئەی بۆچی بەم شەوە تاریکە سەرمایە ئەو ڕێگە دوورە درێژە بگرمە بەرو نەچمە ئەم ماڵە نزیکە لێرەدا؟

جوتیار – قوربان یەك ساڵەڕێ بەپێ بڕۆیت باشترە لەوەی کە بچیتە ئەو ماڵە.

ڕێبوار – مەبەستت چیە؟

جوتیار – ئەو ماڵە بۆ جەنابت دەست نادات.

ڕێبوار – بمبەخشە ئەگەر بپرسم بۆچی؟

جوتیار – دیارە ئەگەر نەشارەزا نەبوویتایە ئەم پرسیارەت نەئەکرد. با پێت بڵێم بۆچی؟ (دووای سەیرکردنی ماڵەکەو ئەملاولای خۆی) چونکە... چونکە ئەو ماڵە شتێکی لیٚیە!

ڕێبوار – شت؟ شتیچی؟

جوتیار – شتێکی وای لیٚیە... ئەوی ڕاستیبێت خۆشم نازانم ئەو شتە چیە.

ڕێبوار – سەیرە.

جوتیار – سەیر نیە. سەیر نیە قوربان جەنابت نەشارەزایت. خۆ ئەمەی من ئەیڵێم هەموو کەس ئەیزانێت. مریشك فرۆشەکە ئەو قوڕبەسەرە هەمووی دوو جار چوو بەو ماڵەدا، ئێستا ئەوەتا شێتبووە، هەر شێتی تەواو.

ڕێبوار – ئاوا.. باشە کەسیکەش شێتبووە؟

جوتیار – کەسیکە؟ کەسیکەی چی قوربان، بۆچی هەتا ئێستا کەسیتر وێراویەتی هامشۆیان بکات؟ چ قورەتە مرۆڤێك بوێرێت هەر نزیکی ئەو ناوەش بکەوێت (بە دەنگی

نزم) بیٚ‌قەزاییٚت هێندیٚ کەس ئەڵێن شتێکی تیایە !

رێبوار – شێت ؟

جوتیار – بەڵیٚ شێت . بەڵام هێندیٚ کەسی کەش ئەڵێن شێتی‌چی بابە ؟ دیویانە دەعبایەکی زۆر ترسناکی تیایە ، تەنیا هەر بینینەکەی موچورکە دێنیٚ بە لەشی مرۆڤا . تکات لیٚ ئەکەم با لەوە زیاتر لەم نزیکانە نەوەستێن شتەکە لەوەدا نیە .

رێبوار – ببورە ئاخر ئەبیٚ ئەو دەعبایە چی‌بێت ؟

جوتیار – ئیتر شێت‌بێت ، دەعبابێت ، هەرچیەك‌بێت ، هەرگیز نەکەی بچیت بەو ناوەدا ! خۆت ئەدەیت بە قەڵبەیەکا جەناب .

رێبوار – ئم ممم . . . . باشە ئەمە هەر بە شەو وایە یان بەڕۆژیش ؟

جوتیار – قوربان شەوی‌چی‌و ڕۆژی‌چی ، هەموو کاتێك هەر وایە . پیاوی چاك بە تا زووتر لەم ناوە دووركەوینەوە ، درەنگە .

رێبوار – زۆر سوپاس بۆ ئامۆژگاریەکانت (تەوقەی لەگەڵ دەکات)

جوتیار – شەوباش . خوات لەگەڵ . (بە خۆشیەوە بەدەم فیکەلێدانەوە دەڕوات هەتا دەنگی پیٚ‌ی ون دەبێت)

(رێبوار سەیری رۆیشتنەکەی جوتیار دەکات بەفر دەست‌دەکات بە بارین . دوو سیٚ هەنگاوێك بەو رێگەیەدا دەڕوات کە ناونیشانی بۆ هەڵدرابوو ، لە دووایدا دەگەڕێتەوە لەگەڵ میوانەکاندا دەدوێت)

رێبوار – دە فەرمو چیت دیوە بیگێڕەوە . من ماندوێتی بە جۆرێکی‌وا پەکی خستووم ، نەك سیٚ سەعاتەڕیٚ ، بەڵکو بەرگەی چارەکە ڕیٚ‌یەکیش ناگرم ، بە تایبەتی بەم شەوە تاریکە ساردە کە بەفریش وا دایکرد دڵنیام لەوەی کە چەند جارێکی کەش رێگاکە هەڵە ئەکەمەوە . .

ئەی دەرفەت چیە ؟ . . دەرفەت هەر ئەوەیە کە هەر بچمە ئەم ماڵە نزیکە . . . کە مێکیش ڕاڕام ، نازانم بچم یا نەچم ؟ . . باشە ، ئەی ئەگەر نەچم چی‌بکەم ؟ . . . ئەریٚ یاران ! تەگبیر بە پرس‌وڕا باشترە . دڵنیام کە یەکێك بکەوێتە تەنگانەوە ئێوە هەروا لە دوورەوە سەیری ناکەن . . . تەگبیرێك ، یاریدەیەك ، ریٚ‌نماییەك ، ئێستا ئێوە ئەفەرمون‌چی ؟ من بچم یان نەچم ؟ . ؟ . . . بچم ؟ بەڵیٚ ئێستا تەنیا دەرەتان هەر ئەو ماڵە نەدیوەیە ، چونکە ئەگەر نەچم لەم چۆڵەوانیەدا بەم شەوە تاریکەو بەم بەفرە ، یان ڕەق ئەبمەوە یان ئەبمە نێچیری دڕندەیەك ، لەبەر ئەوە ئێستا لەداراتێکی وادام کە بەرەو نەدیوی بڕۆم .

(رێبوار ڕوەو قوژبنی چەپی شانۆکە دەڕوات‌و سەردەکەوێتە سەرەوەی ،

خەریك دەبیٚ لە قوژبنی چەپەوە لای پەردەکەوە بچێتە دیوی کەوالیسەوە ، بەڵام ڕادەوەستی‌و روو دەکاتە جەماوەرو دەڵێت)

رێبوار – کیٚ ئەڵێت ئەو شتە عەجایەب‌و سەرسووڕهێنەرانەی کە لە وڵاتی چین هەیە ، ئێستا لێرەدا بە چاوی خۆم سەیرتر نابینم . (لە قوژبنی چەپەوە لە پەردەکەوە دەچێتە دیوی کەوالیسەوە .)

## بەشی دووەم

«هەر لەگەڵ رێبوار دەچێتە دیوی کەوالیسەوە گورج پەردەی شانۆکە دەکرێتەوە»

(جێگا – هۆڵێکە دوو دەرگای لەسەرە ، دەرگایەکیان بۆ دەرەوە ، دەرگاکەی‌تر دەچێتە سەر ژوورێکی ناوەوە ، هۆڵەکە پەنجەرەی تێدایە پەردەی پێوەیە چەند مۆمێك داگیرساوە هۆڵەکەیان رووناك کردۆتەوە . لەناو موغەیریەکەدا ئاگرێکی خۆش دەسووتێت کات – شەوە .

(باوکێکی سەرسپی بە ساڵاچوو ، بە دڵەوە خەریکی دانانی خوانێکە ، دووای دانانەکەی چەند جارێك سەیری دەکات بزانێت باش دانراوە ، ئەنجا دوو کورسی لای

خوانەکەوە دادەنێت . . . .)

دەنگی لێدانی دەرگا – . . . . . . . .

(باوك سەری سوور دەمێنێت ، لە پەردەی پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات کە دیارە بەفر دەبارێت .

دەنگی لێدانی دەرگا . . . . .

(باوك پەردەکە دادەداتەوەو بە ڕاڕاییەوە دەچێت ، بە وریایی‌و لەسەرخۆ دەرگاکە دەکاتەوە)

ڕێبوار – سەرێك دەهێنێتە ژوورەوە – . . . . ئێوارەت باش

باوك بەدەنگێکی گڕەوە – ئێوارەت باش .

ڕێبوار – . . ببورە . . ڕێگەم وون کردووە . . . ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ڕێحانە ڕەشە ، ئەگەر ڕێگاکەت نیشان‌بدامایە .

باوك – ڕێحانە ڕەشە . . . ڕێحانە ڕەشە لێرەوە پێنج سەعات دوورە .

ڕێبوار – ئەنجا ئەگەر بەلاتانەوە ئەرك نەبێ ، ڕێگەیەکت نیشان بدامایە بۆ نزیکترین دێ لەم ناوچەیەدا زۆر شایانی سوپاس بوو .

باوك دووای وردبوونەوە لە ڕێبوار – قوربان نزیکترین دێ لێرەوە سێ سەعات ئەبێت (سەیرێکی سەعاتەکەی گیرفانی دەکات) ئێستاش درەنگەوەختە وا سەعات هەشت‌و نیوی ئێوارەیە (دەیەوێ دەنگی خۆی ناسك بکاتەوە) ئێ خۆ ئەگەر پێشتان خۆش‌بێت لای ئێمە بمێننەوە ، ئەوە هیوام وایە کە بەوپەڕی توانامانەوە بتوانین میوانداریتان بکەین .

ڕێبوار چاو بەژوورەکەدا دەگێڕێت ، ئەنجا بە ڕاڕایی‌و ساردیەکەوە – وادیارە جەنابتان مرۆڤێکی زۆر دڵ‌نەرمن . . . بەلام . . .

باوك بەگەرمیەوە – فەرمون ، فەرمون ژوورەوە ، تازە شەو درەنگە ناتوانیت بگەیتە هیچ کوێیەك . بەم شەوە تۆفە کێ دەرئەبات ؟

ڕێبوار / وەك بووبێت بە تەڵەیەکەوە ، دێتە ژوورەوە .

باوك / وەك نێچیرێکی گرتبێت گورج دەرگاکە پێوە دەداتەوە – فەرمون . (پێشی دەکەوێت‌و لای موغەیریەکەوە کورسیەکی بۆ دادەنێت) فەرمو وەرە لێرە دانیشە لەبەر ئەم ئاگرە خۆت گەرم‌کەرەوە .

ڕێبوار / دادەنیشێت .

باوك – خۆش‌هاتی .

ڕێبوار – خۆش‌بیت (دەستەکانی گەرم دەکاتەوە)

باوك دووای پیاهەڵڕوانین لەژێرەوە – قوربان هیوام وایە بە تەواوی بحەسێیتەوە . . . . نانی ئێوارەش ئامادەیە هەر ئێستا دای ئەنێین . . . . بەیاریدەی خۆت دەقیقەیە مۆڵەتم‌بدەی .

ڕێبوار / سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنێ – فەرمو .

باوك / دەچێتە ژوورەکەی ناوەوە .

ڕێبوار / دەکەوێتە سەرەنجدانی هۆڵەکە .

دەنگی دووکەس / لە ژوورەکەی ناوەوە قسە دەکەن .

باوك / دووای ماوەیەك دێتەوە هۆڵەکە بە هەمان سەیرکردنە غەریبەکەیەوە سەیری میوانەکەی دەکات – بۆ نان‌خواردنی ئێوارەمان ئەبین بە سێ‌کەس (کورسیەکی‌کەش لای خوانەکەوە دادەنێت) جەنابت‌و من‌و کوڕەکەم .

ڕێبوار سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقێنێت .

باوك / لە پڕێکدا – لەو باوەڕەشدام ئەگەر بە تاریکی نانەکەمان بخۆین ، . . . بەلاتانەوە گران‌نەبێ .

ڕێبوار بەدەم شاردنەوەی سەرسووڕمانی خۆیەوە – نەخێر ، نەخێر . . . بەلام . . . لەڕاستیا . ئەترسم من بووبم بە بار بەسەرتانەوە . . ئەگەر ڕێتان بدامایە . . من . .

باوك بەدەست ڕاوەشاندن‌و جۆرە پێکەنینێکی وشکەوە – ئەوە جەنابت چی ئەفەرمویت ؟ ئێمە ئێستا وا بەم ئاسانیە تۆمان دەست‌کەوتووە ، تازە چۆن یەڵین لە دەستمان دەربازبیت . . . قوربان ئێمە زۆر بەدەگمەن میوان ڕوومان تێ‌ئەکات . . جاوا ئێستا جەنابیشت ڕەخساوی‌و بوویتە میوانمان ، ئیتر چۆن گلت نادەینەوە . . . . بۆیە ئەڵێم بە

تاریکیش نانەکەمان بخۆین ، چونکە کوڕەکەم چاوی کزە . . . دەبا خوانەکە ئامادەکەم .

(قوماشێك دەدات بەسەر خوانەکەداو بەشی سی‌کەس قاپ‌و کەوچك‌و پێویستی دادەنێت ، ئەنجا لە ژوورەکەی ناوەوە خواردن دێنێت‌و لەسەر مێزەکە دای‌دەنێت . ئەنجا بە ڕاڕاییەکەوە تەختەیەکی پانی گەورە لەبەر دەم موغەیریەکەدا رادەوەستێنێت ، بۆ ئەوەی رووناکی ئاگرەکە نەیدا لە ژوورەکە ، ئەنجا لەسەر خۆ مۆمەکان دەکوژێنێتەوە ژوورەکە تاریك دەبێت)

باوك – ئەمە ئاهەنگی مامۆستای مەزنە (بە تاریکی دەچێت لە ژوورەکە کوڕەکەی دێنێت کە کوێرە ، لەسەر کورسیەکی خوانەکە دای دەنیشێنێ) لێرە دانیشە کوڕم (ئەنجا بەرێبوار) فەرمو قوربان .

(هەرسێکیان دادەنیشن دەست دەکەن بە نان‌خواردن . دەنگی کەوچك‌و چەتاڵە کانیان دێت) .

کوڕ دووای کەمێك بە دەنگێکی زۆر ناسازی گڕی سەیرەوەو لەسەرخۆ – بەراستی ئەم شەو شەوێکی ساردە .

رێبوار – بەڵی شەوێکی ساردە .

(کەمێکی‌تر نان دەخۆن)

باوك / دەچێت لە ژوورەکەی ناوەوە قاپێك شیرینی دێنی‌و دای دەنێت – ئەمەش شیرینیە فەرمون .

کوڕ/ بە رێبوار – وادیارە بەرێزتان خەڵکی ئەم ناوەنین .

رێبوار – نەخێر خەڵکی ئەم ناوە نیم . . . . بەڵام وادیارە بەختەوەرم کە ئەم ئێوارەیە ئەم خواردنە نایابەم دەستکەوت .

کوڕ/ بە غەمگینیەوە – بەکارهێنانی ووشەی دەستکەوتن لەم حاڵەتەدا زۆر جوانە . (ئەنجا بە باوکی) بەڵام بابە خۆ تۆ شەرابەکەت لەبیر چوو .

باوك – ئۆۆ . .و (بە دەم هەڵسانەوە) بەڵێ بەڵێ ئەو شەرابەی کە بۆ ئەم ئاهەنگەی ئەم شەومان ئامادە کردبوو لەبیرم چوو داینێم . هەر ئێستا وا ئەچم ئەیهێنم (دەچێتە ژوورەکەو هەندێك درەنگی پێ‌دەچێت)

رێبوار / هەندێك سلّ دەکاتەوە .

(کوڕەکە کە کەوچك‌و چەتاڵەکە لەولاترەوە دادەنێت ، رووناکیەکی کەم بەر روخساری دەکەوێت ، چاوی لە تاریکیەکەدا دەدرەوشێتەوە)

(رێبوار لەوە سلّ دەکاتەوە ، کە کەمێك کورسیەکەی دەباتە دوواوە بەر تەختەکە دەکەوێت‌و دەکەوێت بەزەویداو زرمەی لێ هەڵدەستێ ، ئیتر رووناکی ئاگری موغەیریەکە روخساری کوڕە ئاشکرا دەکات کە چەند ترسناکە واتە کەچەند تێکچووە ، لەبەر ئەوە رادەپەڕێ‌و دەچێتە لای کوڕەوەو چنگی خۆی دەنووقێنێ‌و خۆی ئامادە دەکات‌و بەیەکتردا هەڵدەڕوانن‌و ورد دەبنەوە .)

(باوك دێتەوە . کە دەبینێ تەختەکە کەوتووە ، سەری سووڕ دەمێنێ . . . هەردو قاپەکە لەسەر خوانەکە دادەنێت) .

رێبوار / دووای هەناسەیەك – داوای لێبوردنتان لێ‌ئەکەم . هەڵەکە هەڵەی من‌بوو کە تەختەکە کەوت . حەز ئەکەن وەك خۆی رای‌ئەوەستێنمەوە .

باوك/ بە ناسکیەوە – نانا قەیناکا وازی لێ‌بێنە ، ئیتر پێویست ناکات ، بەشی خۆمان لەتاریکیدا دانیشتین ، ئینجا ئێستاش هەق نەختێ رووناکیت هەیە ( بە شقارتەیەك مۆمەکان دادەگیرسێنێ ، رووی کوڕە بە تەواوی دەردەکەوێت کە زۆر تێکچووەو ناشیرین بووە)

رێبوار / بە روخسارو دڵی پڕ بەزەییەوە لێ ورد دەبێتەوە .

باوك – جەناب ئەزانی ئەم کوڕە گەنجەی من بۆچی وای لێ‌هاتووە ؟ ئەم کوڕەی من مامۆستابوو ، چەند ساڵێك لەمەوبەر قوتابخانەیەك ئاگری تێبەربوو ، ئەم کوڕەی من لەو ئاگرەدا وای لێبەسەرهات . . . ئیتر لەوساوە ئێمە . . . ئاوا ژیانێکی وەك ئێستا گۆشەگیری ئەژین‌و . . . کەس هامشۆمان ناکات . . . بەڵام ئەم شەو کە جەنابتان لە دەرگاتان‌دا (قوڕگی پڕ دەبێت لە گریان ، بۆی تەواو ناکرێت) . . ئەوەش

کوڕەکەمە .
کوڕ / بە ساویلکەییەوە – من خۆم هەر لە سەرەتاوە ووتم با من لەگەڵتان دانەنیشم ، بەلاّم ئەمڕۆ چونکە یادی جەژنی لەدایك‌بوونی منە ، باوکم وای بە پێویست زانی کەبەیەکەوە دانیشین نانەکەمان بخۆین . . بەلاّم لە تاریکیدا . . بەڕاستی جێگەی داخە لەلام کە ترسانمیت .

ڕێبوار / بەسەر مێزەکەدا دەستی بۆ درێژ دەکات‌و زۆر بە گەرمیەوە تەوقەی لەگەڵ دەکات – نا . نا . نا هەڵەکە هەڵەی من‌بوو داوای بەخشین ئەکەم ، هیچی وانەبوو ، هەر لەکاتی تاریکیەکەدا نەختێك تاریك‌بوو .

(کوڕو باوك کەمێك ڕوویان دەکرێتەوە)

باوك / وەك داوای لێبوردن بکات – جەناب وەك پێم‌وتن ئەوەتی ئەم کوڕە وای‌لێهاتووە کەس هاتوچۆی ئێمە ناکات‌و هەرگیز چاومان بە هاوڕی‌یەك ناکەوێت ، بەلاّم بە تایبەتی بۆ ئەم ئێوارەیەی ئێمە ، ڕەخسانی میوانێك ، مایەی کامەرانی‌بوو ، بۆیە بەلامانەوە گرنگ‌بوو هەوڵی ئەوەت لەگەڵا بدەین کە لامان بمێنەوە . جا ئێستاش کە جەنابت بوویتە میوانمان ، چاکەی تۆ لەمە چاکەتر ئەبێت بۆ ئێمە ؟

ڕێبوار – بە پێچەوانەوە ، من دڵنیام کە خاوەن چاکە ، ئێوەن . باوك
کەمێك بە خۆشیەوە – دەمادام لەیەکتری ئاشکرابووین ، فەرموون ئیتر کورسیەکانتان بێننە پێشەوە بەر ئاگرەکە با ئاهەنگی لەدایك‌بوونی کوڕەکەم شێوەی لایەقی خۆی وەرگرێت .

(باوك مێزێکی بچووك لای موغەیریەکەوە دادەنێت ، بابەت‌و پێویستی خواردنەوەی دەخاتە سەر ، پاکەتێك جگەرەش دێنێت دایدەنێت . ئەنجا هەریەکە کورسی خۆی دێنێتە پێشەوەو دەست‌دەکەن بە خواردنەوەو جگەرەکێشان . بۆ ماوەیەکی گونجاو کەنیشانەی کات بردنەسەرە بەخۆشی ، مۆسیقایەکی سەمای ئالۆز لەگەڵ دەنگی قسەکردن‌و قاقای پێکەنینیاندا لەگەڵ چریسك‌و هوری فلاش تێکەڵ بەدیمەنی ئەو دانیشتنە دەبێت . ئەنجا دووای ئەمە رووناکی سەر شانۆکە «مۆمەکان نەبێت» بۆ ماوەیەکی کورت دەکوژێتەوە . دووای ئەوە شانۆکە بە ڕووناکیەکی لەجاران زۆر بەهێزتر ڕووناك دەبێتەوە .

ئەنجا باوك سەعاتەکەی لە گیرفانی دەردێنێت‌و سەیری دەکات)

باوك – کوڕینە وا سەعاتمان‌کرد بە دوانزەی شەو ، با لەپێش ئەوەدا بچینە جێگەوە دووایێکمان بخۆینەوە .

(باوك پێکێك تێدەکات‌و هەڵدەسێتە سەرپێ‌و دێتە ئەم‌لاترەوە ڕادەوەستێت .

کوڕو ڕێبواریش سەرو پێك تێدەکەن‌و لایەوە ڕادەوەستن ، کوڕ دەکەوێتە ناوەندەوە .

باوك دەست دەخاتە سەرشانی کوڕەکەی‌و سەری بەرز دەکاتەوەو سنگی دەردەپەڕێنی‌و بە سەربەرزی‌و شانازیەوە پێکەکەی بەرز دەکاتەوەو بە دەنگێکی دلێرانەوە دەڵێت : )

باوك – لە تەندروستی ئەو قوتابیە مناڵە وردیلانەی کە کوڕەکەم لە سووتان رزگاری کردن ! (بە یەك ژەم پێکەکەی دەخواتەوە)

کوڕ / بە یەك ژەم پێکەکەی دەخواتەوە .

ڕێبوار / بەرێزێکی گەورەوە دەڕوانێتە کوڕەو ئەنجا پێکەکەی بەرز دەکاتەوە – مرۆڤایەتی لە شەخسی تۆدا ، پیرۆزبایی ، لە بەرزترین گیانی خۆبەخت‌کردن ئەکات ، مامۆستای مەزن ! (ئەنجا پێکەکەی بە یەك ژەم دەخواتەوە)

(بۆ ماوەیەك گری مۆمێکی داگیرساو تێکەڵ بە وێنەیەکی گشتی روخساری کوڕە دەبێت) .

**کۆتایی**

**تێبینی** – ئەم شانۆگەریەم لە چیرۆکی (سێ کەس لەسەر خوانێك)ەوە ئامادەکردووە ، کە چیرۆك‌نووسی ئینگلیزی (ولیم وایمارك جیکوبز) نووسیویێ .

عومەر عەلی ئەمین